یەکەمین ماڵپەڕی کوردی تایبەت بە پرسیار و وەڵامی شەرعی

# ئافرەتان
# و گەڕان بە دوای زانستی شەرعی دا

وەرگێڕانی

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org - walamakan.com

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه ومن والاه... وبعد:

ئامادەبوونی ئافرەت لەکۆڕی زانستی بەسوودا لەمزگەوت وشوێنەکانی تری فێرکردنی زانست خێرێکی بێ ئەندازەیە ، بەشێوەیەک هیچ ئەنگاوێک نانێت ئیللا پاداشت وەردەگرێت لەسەری بەمەرجێک تەنها مەبەستی خودا وڕەزامەندی ئەو بێت .

ئافرەتی موسوڵمان کاتێ ئامادە دەبێت لەدەرسەکاندا ولەو ڕێگەیەوە کۆمەڵە ئافرەتانێکی چاک دەناسێت ، حەتمەن ئەمە دەبێتە یارمەتی

دەری بۆ فێر بوونی ڕەوشتی جوان وئاكاری بەرز وچۆنیەتی لەبەر كردنی قورئان و وانەكان و..هتد .

ئایا خوێندن وكۆڕی لەبەر كردنی قورئان وتەجوید وخوێندنەوەی قورئان خوێندن نی یە؟

پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم لەم بارەیەوە فەرموویەتی: (لا يَقْعُدُ قَوْمٌ يَذْكُرُونَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ إِلّا حَفَّتْهُمُ الْمَلائِكَةُ، وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ، وَنَزَلَتْ عَلَيْهِمِ السَّكِينَةُ، وَذَكَرَهُمُ اللهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ) رواه مسلم عن أبي هريرة رضي الله عنه.

واتە: هیچ كۆمەڵە كەسێك دانانیشن و كۆنابنەوە بۆ زیكری خوا، ئیلا فریشتەكان

دەوریان ئەگرن، وە ڕەحمەتی خوای گەروە دایان دەپۆشێت و ئارامی و ئاسودەیی دادەبەزێتە سەریان و خوای گەورە لای فریشتەکانی لای خۆی بە چاکە باسیان دەکات .

زۆربەی ئافرەتانی ئەمڕۆ ئاگاداری هەندێکی کەمن لە دین ، کاتێ قورئان دەخوێنن هەڵە زۆر دەکەن ، تەنانەت شارەزاییان نی یە لەچۆنیەتی نوێژ وڕۆژ وحەج وزەکات وباقی عیبادەتەکانی تر ، وچارەسەری ئەم دەردەش بەئامادەبوون لەکۆڕی زانست دەبێت یاخود گوێگرتن لەوانەی دەنگی وشریت...هتد .

ئافرەتی ساڵیحە ئەوەیە کەهەوڵ دەدات زانستێکی زۆر فێر ببێت ، ئەوەش وەک بەجێ هێنانی فەرمانی خودا : ﴿ وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴾ [طه:١١٤]

واتە: ئەوە تۆ بڵێ: ئەی پەروەردگار زانیاریم زیاد بکە، (فەرمانی پێنەکرد بە داواکردنی زیادکردنی دونیا، بەڵکو زیاد کردنی زانست و زانیاری، بۆیە تا وەفاتی فەرموو زانیاری لە زیاد بووندا بوو، ئەمەیش بێنرخی دونیاو بەرزی پلەوپایەی زانست دەردەخات.

وەهەروەها فەرمايشتى: ﴿ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ [الزمر:٩].

واتە: ئايا زانايان وەكو نەزانان وان لە ديندا؟ واتە: هەرگيز يەكسان نين .

پێشەوا بوخارى وموسليم لەموعاويەوە خوا لێى ڕازى بێت گێڕاويانەتەوە ودەڵێت : پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووى: (من يرد الله به خيرًا يفقهه في الدين).

واتە: هەركەسێک خودا خێرى بۆ بوێت تێيدەگەيەنێت لەدين.

وە هەروەها ئەبو داود وتورموزی لەئەبو دەردائەوە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویانەتەوە ودەڵێت: گوێم لەپێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بوو دەیفەرموو: **(من سلك طريقًا يلتمس فيه علما سهل الله له طريقًا إلى الجنة، وإن الملائكة لتضع أجنحتها لطالب العلم رضًا بما يصنع، وإن العالم ليستغفر له من في السماوات ومن في الأرض، حتى الحيتان في الماء، وفضل العالم على العابد كفضل القمر على سائر الكواكب، وإن العلماء ورثة الأنبياء، وإن الأنبياء لم يورثوا دينارًا درهمًا، وإنما ورثوا العلم، فمن أخذه أخذ بحظ وافر)**حديث حسن - ((صحيح الترغيب والترهيب)) للألباني (١ /٣٣١).

واتە: هەر کەسێک ڕێگایەک بگرێتە بـەر بۆ فێربوونی عیلم و زانست،ئەوە پەروەردگار ڕێگای چوونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات.

وە بەڕاستی فریشتەکان باڵی ڕەزامەندی بۆ فێرخوازی زانست ڕادەخەن،وە قوتابی عیلم و زانست هەموو شتێک داوای لێ خۆشبوونی بۆ دەکات لە نێوان زەوی و ئاسمانەکان،تەنانەت ماسی و حوتی ناو ئاو دەریاکانیش داوای لێ خۆشبوون بۆ هەڵگری زانستی شەرعی دەکەن،وە بەڕاستی پلەو پاداشتی زانا لەگەڵ خوا پەرست و بەندە وەکو جیاوازی نێوان مانگ و ئەستێرە وایە

لە پاداشت و خێردا،بەڕاستی زانایان میراتگری پێغەمبەرانن علیهم السلام،وە پێغەمبەران دینار و درهەمیان جێنەهێشتووە،بەڵکو زانستیان جێهێشتووە،وە هەر کەسێک دەستی بە زانستەوە گرت بێت ئەوە دەستی گرتووە بە شانسێکی باشەوە .

وە ئەمە چەند نموونەیەکی کەمە لەبارەی گرنگی زانست وزانیاری بۆ هەموان و ئافرەتان بەتایبەت.

**بۆنموونە:**

- **ئەوە ئوم دەردائە لەبارەی خۆیەوە دەڵێت: بەدوای عیبادەتدا گەڕام لەهەموو شتێکدا ، هیچ شتێکم بۆ خۆم بەباشتر نەزانی لەدانیشتن لەگەڵ زانایاندا .**

- **ئەوە ئومولخەیری حیجازیە لەمزگەوتی عەمری کوڕی عاصدا خوا لێیان ڕازی بێت وانەی دەگوتەوە لەسەدەی چواری زایندا .**

- **وە ئەوە فاتیمەی کچی سەمەرقەندییە ئافرەتێکی زانا بوو بەفیقهو فەرمووەدە ، زانستی لەزۆر لەزانایانەوە وەرگرت ، وچەندان کەسیش**

زانست لەوەوە فێربوون ، و وانەی تایبەتی هەبوو وچەند کتێبکی لەزانستی لەبابەتی فیقهـ و فەرموودەدا نوسی .

• وە ئەوە خێزانی حافز هەیسەمیە هاریکاری مێردەکەی دەکرد لەموراجەکردنی کتێبی فەرموودەدا .

• وە هەروەها ئوم زەینەب فاتیمەی کچی عەباسی بەغدادی دەچووە سەر میمبەر ، وئامۆژگاری ئافرەتانی دەکرد ، ئافرەتانێکی زۆر سوودیان لێ وەرگرت ، ئەو زانا بوو بەزانستی فیقهـ وئوسوڵ .

## تێبینیەکی گرنگ:

لەهەمان کاتدا مرۆڤ توشی سەرسوڕمانێکی عەجیب دەبێت کاتێ دەبینێت کچانی قوتابخانەو زانکۆکان ڕویان کردۆتە زانستی دونیایی و سوورن لەسەری ، وکاتی بۆ تەرخان دەکەن ، ئەمەش لەپێناو وەزیفە و پارەیەکی کەمی دونیاییدا ، کەلەم ڕۆژگارەدا بەدەست هێنانی زۆر ئەستەم بووە!

**ئافرەتان لەڕووى فێربوونى زاستى شەرعیەوە دەبن بەسێ بەشەوە:**

- بەشێکیان بەدڵسۆزى وئیخلاسەوە فێرى دەبن وهەوڵى بۆ دەدەن.
- وەبەشێکى تریان بەتەواوى پشتیان لێ کردووە وگوێى پێ نادەن .
- وەبەشێکى تر جار جارە گرنگى پێ دەدەن وهەندێ جاریش گوێى پێنادەن .

بۆیە گرنگە لێرەدا ئاماژە بەچەند شتێک بدەین کەدەبێتە یارمەتى دەرى ئافرەت بۆ فێربوونى زاست وزانیارى شەرعى ، بەڵکو ئەوانەى ئیهمالیان کردووە بەخۆیان کەون ، وهەست بەکەم وکورتیان بکەن .

هەر بۆیە من ئامۆژگاری ئافرەتان دەکەن ئەم ڕێگایانە بگرنە بەر ، هەرچەند جار جاریش بێت ، هەندێ لەو هۆکارانە:

## ١- زانینی فەزڵ و ڕێزی زانست:

خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ [الزمر:٩].

ئایا زانایان وەکو نەزانان وان لە دیندا؟ واتە: هەرگیز یەکسان نین .

## ٢- زانینی ڕێز و قەدری زانایان:

زانایان ئەو کەسانەن کەخودا فەرزی کردووە لەسەر خەڵک لەکاتی ڕوداو شتە

لەناکاوەکاندا بگەڕێنەوە لایان وپرسیاریان لێ بکەن لەبارەی چۆنیەتی هەڵوێست وەرگرتنەوە ، وئەوان ئەو کەسانەن کەلەخودا دەترسن ، وئەوان ئەو کەسانەن کەشایەتیان لەگەڵ شایەتی فریشتەدا هاتووە ، وئەوان لەڕۆژی دوایی دا خودا ڕێزیان لێ دەنێن لەبەر فێربوون وفێرکردنی زانستی شەرعی وگەیاندنی بەخەڵک ، خوای تەعالا فەرموویەتی: ﴿ فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ [الأنبياء:٧].واتە: دەی پرسیار بکەن لەزانایان ئەگەر ئێوە نازانن..

وەهەروەها فەرموویەتی: ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ ﴾ [فاطر:٢٨].

واتە: تەنها بەندە زاناکان ئەوان بە زانیاریەوە لە خوای گەورە ئەترسێن، (ابن عباس) دەفەرمێت: (زانا ئەو کەسەیە کە شەریك بۆ خوا دانەنێت و حەڵاڵی بە حەڵاڵ بزانێت و حەرامی بە حەرام بزانێت و ئامۆژگارییەکانی خوای گەورە بپارێزێت و جێبەجێی بکات و دڵنیا بێت کە دەگاتە خوای گەورەو لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات)، (سەعیدی کوڕی جوبەیر) دەفەرمێت: (ترسان لە خوا ئەوەیە کە لە تاوان بتگەڕێنێتەوە) .

ووەهەروەها فەرموویەتی: ﴿ شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴾ [آل عمران:١٨].

واتە: خوای گەورە خۆی شایەتی ئەدات کە هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی الله ، وە مەلائیکەت و زانایانیش ئەم شایەتییە ئەدەن کە شایەتیەکی دادپەروەرانەیە ، هیچ پەرستراوێك بەحەق نیە شایەنی پەرستن بێ ئیلا زاتی پیرۆزی الله نەبێ کە خوایەکی زۆر باڵادەست و کاربەجێیە، ئەمە گەورەترین شایەتییە کە لە دونیادا درابێت لەبەر

گەورەیی شایەتەکان کە خوای گەورە و مەلائیکەتەکان و زانایانن کە پێغەمبەرانیش ئەگرێتەوە، وە لەبەر گەورەیی شایەتیدانەکە کە لەسەر تەوحیدو یەکخواپەرستی خوای گەورەیە، وە لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە وەسفی شایەتیەکەشیانی کردووە کە شایەتییەکی دادپەروەرانەیە، (وە ئەم ئایەتە فەزڵی زانایانی تێدایە کە خوای گەورە بە شایەت دایانی ناوەو بە شایەتیەکەیشیان رازیەو وەسفی دەکات).

وەهەروەها فەرموویەتی: ﴿ كُونُوا رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنْتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنْتُمْ تَدْرُسُونَ ﴾ [آل عمران:٧٩].

واتە: بەڵکو پێغەمبەران بە خەڵکی ئەڵێن: ئێوە خواویست و خواناس و خواپەرست و زاناو دیندار بن و گوێڕایەڵی خوا بکەن بەهۆی ئەو زانیاریەی کە هەتانە لەسەر ئەو کتابەی کە خوای گەورە بۆی دابەزاندوون ، وە لەبەر ئەوەی دیراسەی کتابەکە ئەکەن و شارەزان لێی و لەبەرتانە .

وە عومەر خوای لێ ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ﴿إذا حضر العلماء ربهم يوم القيامة، كان معاذ بن جبل بين أيديهم بقذفة حجر﴾ صحيح - رواه ابن عساكر (صحيح الجامع برقم ٤٨٩).

واتە: کاتێ زانایان دەگەن بە پەروەردگاریان لەڕۆژی دوایی دا ، ئەوا موعازی کوڕی جەبەل لەپێشیانەوە بەئەندازەی فڕێدانی بەردێک .

## ٣- زانینی فەزڵی زانست وفێرخواز :

عن أبي عنبة الخولاني عن رسول الله صلى الله عليه وسلم أنه قال: **(لا يزال الله يغرس في هذا الدين غرسا يستعملهم فيه بطاعته إلى يوم القيامة)**حديث حسن – رواه الإمام أحمد، وابن ماجه (صحيح الجامع برقم ٧٦٩٢).

واته: بەردەوام خوای پەروەردگار کۆمەڵە کەسانێک دروست دەکات پارێزگاری لەم دینە دەکەن و بەکاریان دێنی لەگوێڕایەڵی کردنی خۆیدا تاوەکو ڕۆژی قیامەت .

وەپێشەوا موسلیم لە لەئەبو هورەیرەوە ڕەزای خوای لێ بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی :

((من دعا إلى هدى كان له من الأجر مثل أجور من تبعه، لا ينقص ذلك من أجورهم شيئًا، ومن دعا إلى ضلالة كان عليه من الإثم مثل آثام من تبعه، لا ينقص ذلك من آثامهم شيئًا)).

واتە: هەرکەسێک بانگەشە بکات بۆ شتێک کەخەڵکی بەهۆیەوە هیدایەت وەربگرن، ئەوە هێندەی پاداشتی ئەو کەسانەی شوێنی دەکەون لەو چاکەدا پاداشتی بۆ هەیە، ئەوەش هیچ لەپاداشتی شوێنکەوتوانی کەم ناکات .

وەهەرکەسێک بانگەشە بۆ گومڕاییەک بکات، هێندەی تاوانی ئەو کەسانەی شوێنی دەکەون لەو گومڕاییەدا تاوانبار دەبێت، وەئەوەش هیچ لەتاوانی شوێنکەوتوانی کەم ناکات .

**٤- زانینی فەزڵی گەڕان بەدوای زانستدا و زانینی پاداشتی فێربوون وداوا کردنی:**

ئەبو دەردا خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: گوێم لەپێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بوو دەیفەرموو: (من سلك طريقًا يلتمس فيه علما سهل الله له طريقًا إلى الجنة) واتە:هەر کەسێک ڕێگایەک بگرێتە بـەر بۆ

فێربوونی عیلم و زانست،ئەوە پەروەردگار ڕێگای چوونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات.

## ٥- زانینی حوکمی فێربوونی زانست وگەڕان بەدوایدا:

ئەنەس خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (طلب العلم فريضة على كل مسلم) أخرجه ابن ماجه، وصححه الألباني – المصدر السابق (١/٣٤).

واتە: فێربوونی زانست فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێک.

**٦- زانینی ئەو پلەیەیی کە زانست دەیبەخشێت بە خاوەنەکەی لە ڕۆژی دوایی دا :**

پێشەوا موسلیم لە لەعومەرەوە ڕەزای خوای لێ بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : (إن الله تعالى يرفع بهذا الكتاب أقوامًا، ويضع به آخرين).

واتە: خودا بەم کتێبە کەسانێک بەرز دەکاتەوە ، وکەسانێکی تری پێ دەکەوێتنێت ودایان دەگرێت .

## ٧- زانينى پێويستى خەڵک بەزانايان :

حەسەن ڕەزاى خواى لێ بێت دەڵێت: لولا العلماء لصار الناس مثل البهائم.

واتە: گەر زانايان نەبوونيانە ئەوا خەڵک هاوشێوەى حەيوان وئاژەڵ دەبوون .

گەر زانايان نەبن ، كێ فەتوا بۆ خەڵک بدات ، و كێ وەڵامى دوژمنانى خودا بداتەوە ، وكێ بەرگرى لەدين بكات وكێ ئاگادارمان بكاتەوە لەو خراپە وتاوانانەى كەتوشى دەبين ؟

## ٨- بیرکردنەوە لە مردن و نەمانی زانایان:

عبداللەی کوڕی مەسعود حوا لێی ڕازی بێت دەڵێت: (علیكم بالعلم قبل أن يقبض، وقبضه أن يذهب أصحابه، وإدبار الدين موت العلماء).

واتە: فێری زانست ببن پێش ئەوەی لەنێو بچێت ، ولەنێو چوونی بە نەمانی ئەهلەکەیەتی ، و چوونی دین بەمردنی زانایانە.

**٩- ئافرەتی موسوڵمان ئەوە بزانێت کە ڕێزی زانست زۆترە لەعیبادەت و خۆشەویسترە بەلای خوداوە:**

حوزەیفە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بوو فەرمووی: (فضل العلم خير من فضل العبادة، وخير دينكم الورع) رواه البزار بإسناد حسن، وصححه الألباني - المصدر السابق (٣١/١).

واتە: فەزڵی زانست زیاترە لەفەزڵی عیبادەت ، وباشترین شتێکی دینەکەتان وەرعە .

## ١٠- بەراورد کردن لەنێوان بابەتە دینی وزانستی شەرعی و و دونایيەکاندا :

گەر بەراورد بکەین لەنێوان زانست ومالْدا : ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کەزانست میرات وبەجێ ماوی پێغەمبەرانە ، و ماڵ میراتی دەوڵەمەندانە .

زانست چاوێری خاوەنەکەی دەکات ، بەڵام ماڵ دەبێت خاوەنەکەی چاودێری لێ بکات .

خاوەنی زانست زانستەکەی لەگەڵی دەچێتە نێو گۆڕەوە ، بەڵام ماڵ خاوەنەکەی جێ دێڵێت کاتێ دەچێتە گۆڕەوە.

زانست بانگت دەکات بۆ خۆ بەکەم زانین ،

بەڵام ماڵ هەڵت دەنێت بۆ لوت بەرزی وخۆ

بەگەورە زانین ویاخی بوون . ((فضل العلم)) لابن رسلان -

**١١- بیرکردنەوە لەنەزانی ودەرەنجامە خراپەکانی .**

**١٢- زانینی ڕێگای دروستی فێربوونی زانستی شەرعی .**

**١٣-پابەند بوون بەزانایان و کۆڕو مەجلیسی زانستەوە .**

**١٤- تێفکرین لەوەی زانست مرۆڤ دەپارێزێت لەفیتنە** ، و ئەوە زانایانن لەکاتی بەڵا وتاقی کردنەوەکاندا جێگیر و دامەزراو دەبن وخەڵک دامەزراو دەکەن .

١٥- هاريكار بوون لەگەڵ خوشكەكانتدا لەپێكهێنانى كۆڕى زانست وئامادەبوون بۆى .

١٦- پێويستە لەسەر ئافرەتى موسوڵمان كاتێكى هەبێت تيايدا خۆى يەكلا كردبێتەوە بۆ زانست .

١٧- كەم كردنەوەى هاوەڵى كردنى ئافرەتانێك كە گرنگى بەزانست نادەن و بەگەورەى نازانن .

١٨- هەست كردن بەتام و چێژى فێربوونى زانست ، وەک ئەو كەسەى كەدواى هەوڵ وماندو بوون گەڕان بگات بەحوكمى بابەتێک .

١٩- دەعوە و بانگەواز کردن بۆلای خودا ، کاتێ پرسیارت لێ دەکرێت حوکمی فڵانە شت چی یە ؟ وئەی حوکمی فڵان چی یە ، حەتمەن ئەمەش دەبێتە هۆکاری گەڕان بەدوای وەڵامەکەیدا ولێرەشەوە ئاشنا بوون بەزانست.

٢٠- خوێندنەوەی بەسەرهات و ژیاننامەی ئافرەتانی زانا ، و ئایا چۆن فێری زانست بوون و لەچ ڕێگەیەکەوە ؟

٢١- زانینی پاداشتی زانست لەدوای مردن .

پێشەوا موسلیم لەئەبو هورەیرەوە ڕەزای خوای لێ بێت گێڕاویەتیەوە و دەڵێت: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی :

**(إذا مات ابن آدم انقطع عمله إلا من ثلاث: صدقة جارية، أو علم ينتفع به، أو ولد صالح يدعو له).**

واتە : کاتێ کەمرۆڤ دەمرێت هەموو کردەوەکانی کۆتایی دێت تەنها لەسێ ڕێگاوە نەبێت : خێرێکی نەبڕاوە ، زانستێک کەلەدوای خۆی بەجێی هێشتبێت وسود بەخش بێت ، ومنداڵێکی ساڵح کەدوعای بۆ بکات .

وصلَّى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org walamakan.com